پرسەنامە: کۆچی دوای هونەرمەند مەرزیە فەریقی ... ڕەزا حەمە

## هاوڕێی ئازیزو خۆشەویستم کاک ناسڕی ڕەزازی

بەبۆنەی مەرگی دڵتەزێن و پڕ لە خەم و پەژارەی هونەرمەندی نەتەوەکەمان مەرزیە خانم، سەرخۆشی لە خۆت و لە تەواوی بنەماڵەی هەردووولاتان ولە شاری سنەو لە کوردستانی گەورە دەکەم.
ئێمەی کورد دەزانین و مایەی شانازیمانە کە مەرزیەخان هەم ژنی پێشمەرگەیەك هەم پێشمەرگەیەکی ژن بوو، بەڵێ پێشمەرگە بوو بۆ خەباتی نەتەوایەتی، بۆ ئازادی کوردو سەربەخۆی کوردستانی گەورە، پێشمەرگەبوو بۆ خەباتی ژنان، بۆ وەدەسهێنانی مافی ژنان لە نیشتیمانە داگیرکراوەکەیدا، بۆ ڕوخاندنی دیواری سەخت و گەورەی نێوان نێر و مێ لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا.
سەرەڕای ئەمانەش پێشمەرگی دەنگ و هونەر و گۆرانی ژنی کورد بوو، هاندەرێکی گەورە بوو، بانگێکی بڵند و بزوێنەر بوو بۆ خەباتی ژنان بە گشتی و هونەری ژنان بە تایبەتی.

هاوارێك بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە زل وناهەموارەی هونەری ژنان، کە لە دنیای هونەری کوردید لەهموو بووارەکاندا بەدی دەکرێت. ئێمەی کورد دڵنیاین لەوەی کە چریکەی ئەو ژنەکوردەی بەرۆح هەمیشە زیندووە، هەردەم زایەڵەی قاسپەی کەوی چیاکانی کوردستان دەبێت دڵنیاین کە سروودو گۆرانیەکانی مەرزیە خانمی شۆڕشگێر، میوانی هەمیشەیکولتوری کوردی و هاودەنگی ژنانی کوردستان دەبن.

من لەلایەن خۆمەوە، ئەو هونەرمەدە پڕلە هاوار وچریکەیە بە ئارامی و ئاسوودەیی، بە هونەری کوردی، بەڕووناکی نەورۆز، بە بۆن و جوانی نێرگزی کوردستان،بە کوردەواری و بە خەباتی کوردایەتی دەسپێرم. خۆ ئەگەر پەیکەرساز بوومایە، ئەوا هەر لەئێستاوە قولنگەکەم دەوەشاندو پەیکەرێکی جوانم بۆ ئەو ژنە ڕچەشکێنە دروست دەکرد.

براو هاوڕێتان
ڕەزا حەمە
2005 .09 .18
ئەڵمانیا